دۆسیێ
کوردستانی نوێ
1
ساڵی سی و سێ ژمارە: (9143) چوارشەممە 3 / 4 / 2024

## جەلال شێخ کەریم*

# لە مامۆستاییەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ژینگەدۆستی



مرۆڤ ئەگەر نیشتمانی خۆی خۆشویست، ماندوو نابێت لە ئاوەدانکردنەوەی و خزمەتکردن بە خەڵکەکەی. لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا زۆرن ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرانەی لە هەر قۆناغێکی ژیانیاندا ئامادەبوون ئەوەی هەیانە بیبەخشن بە نیشتمان، مامۆستا جەلال شێخ کەریم یەکێکە لەو پێشمەرگە ماندونەناسانەی لە سەرەتای ژیانییەوە تا ئەمڕۆ خزمەت بە نیشتمانەکەی دەکات، هەر بۆیە کوردستانی نوێ بە باشی زانی دیدارێکی هەڤاڵانەی لەگەڵدا ساز بکات و دۆسیێ ئەم جارە تەرخان بکات بەو مرۆڤە خەباتگێڕە.

لەم دیدارەدا مامۆستا جەلال سەرەتا قسە لەسەر قۆناغەکانی ژیانی خۆی دەکات، هەر لە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتییەوە تا قۆناغی کاری ئیداری لە دوای ڕاپەڕینەوە تا دەگات بە قۆناغی خانەنشین و شەیدایی بە سروشتی کوردستان و ژینگە و ژینگەپارێزیی.

دواتر راوبۆچوونی خۆی لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی دوای کۆنگرەی سێیەم و چوارەم پێنجەم دەخاتە ڕوو، سەبارەت بە دۆخی عیراق بە گشتی و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی پەیوەست بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عیراقیش مامۆستا جەلال دەڵێ: دادگای فیدڕاڵی دادگایەکی سەرتاسەری عیراقە و پەیوەندی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، لەبەر ئەوە بڕیاری دادگای فیدراڵی کەسایەتی هەرێم لەکەدار ناکات.

لە کۆتایی دیدارەکەدا سەبارەت بە ئایندەی هەرێم و پەوەندی لەگەڵ بەغدا مامۆستا جەلال دەڵێ: من کەسێکی گەشبینم و ئایندەی هەرێم بە درەوشاوە دەبینم، ئایندەی هەرێم لە کاتێکدا لە مەترسیدایە ئەوانەی کە پایە و پێگەکانی هەرێمن هەر لە یەکێتی و پارتییەوە تا حزبەکانی تری کوردستان خۆیان لە ناوخۆیاندا ناکۆکبن.

**کوردەوان محەمەد سەعید**

سازدانی: کوردستانی نوێ

*** لە نێوان مامۆستایەتی و پێشمەرگایەتی و بریکاری وەزیر و ژینگەپارێزی کامیان هەڵدەبژێری و بۆچی؟**

– سەبارەت بە مامۆستایەتی، لە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندنمدا حەزم دەکرد ببم بە مامۆستا و مامۆستایەکی زۆر جددی بووم و دڵم بە ئەرکی مامۆستایەتی زۆر خۆش بوو، بەو هۆکارەش خوێندکارەکانم سوودیان لێ وەردەگرتم، ئێستاش لە ناو دۆسێکەمدا راپۆتێک هەیە کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەوکات (ئازاد شەوقی) لە سەرەوەی راپۆرتەکە نوسیویەتی (معلم ممتاز)، پاشان وەسفی بوارەکانی تری ئەرکی مامۆستایەتیم دەکات کە زۆر دڵخۆشی کردم، ئێستاش هێندە خۆشەویستیم بۆ ئەرکی مامۆستایەتی هەیە زۆر جار وانە بە منداڵەکانی شکاری کورِم دەڵێمەوە.

سەبارەت بە قۆناغی پێشمەرگایەتیم، سەرەتا لە ساڵانی (1976–1977) تەنزیم بووم لە ناو رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا، لە ساڵی 1986 دا بارودۆخێکم بۆ پێشهات، دەبوو ببم بە پێشمەرگە ئەگەر نا بە بۆنەی جموجۆڵەکانی رێکخستنەوە لە ناو شار دەستگیر دەکرام، لە قۆناغی پێشمەرگایەتیشدا کە چوومە دەرەوە راستەوخۆ کرام بە رابەر سیاسی تیپی 59ی حەمرین، دڵسۆزانە ئەرکەکەی خۆمم دەبرد بەرێوە و لە سەرجەم وێستگەکانی پێشمەرگایەتیمدا ناڵێم لە پێشی پێشەوە بووم بەڵام لە هیچکام لە هاورێ باشەکانم لە دواتر نەبووم.

سەبارەت بە بریکاری وەزارەتی ناوخۆش، من سەرەتا بریکاری وەزارەتی ناوخۆ نەبووم، کە دامەزرام کرام بە جێگری ئاسایشی کەرکوک، دواتر کرام بە بەرێوەبەری ئاسایشی کەرکوک و پاشان جێگری ئاسایشی گشتی و دواتر کرام بە بەرێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆ بە حوکمی ئەوەی مامۆستا بووم خوێندنم تەواو کردبوو شارەزایی و ئەزموونم هەبوو، هاوکات هەموو ئەو ئەرکانەی پێم سپێردرابوون بە سەرکەوتوویی بەرێوەم دەبردن.


## پابەندبوون بە ئەرکە نیشتمانییەکانەوە

پۆستی بەرێوەبەری ئاسایش ئەزموون و پێشمەرگایەتی و دڵسۆزی و پەیوەندی فراوانی دەویست، پاشان هاوئاهەنگیمان لەگەڵ رێکخستنەکاندا بووە هۆکاری ئەوەی لە بەرێوەبردنی پۆستی بەرێوەبەری ئاسایشدا سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنم، لە دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تاوانباران و خۆفرۆشان و سیخورەکانی رژێمی ئەوکات کە دەیانویست بێنە کوردستانەوە و کردەوەی تیرۆرستی ئەنجام بدەن.

بە حوکمی ئەزموون و شارەزایی و پابەندبوونم بە ئەرکەکەمەوە، پۆستی بەرێوەبەری گشتی دیوانم پێدرا لە وەزارەتی ناوخۆ و پاشان لە ساڵی 2009 دا کە حکومەتی هەرێم یەکی گرتەوە پۆستی بریکاری وەزارەتی ناوخۆم وەرگرت تا ساڵی 2019، سروشتێکی ئاسایی مرۆڤە کە خۆی ئارەزوو بکات هەمیشە سەرکەوتوبێت، بەڵام بە بۆچوونی برادەرانی ناو حکومەت و ناو حزبیش من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە لە ئەرکەکەمدا سەرکەوتوو بووم، لە رووی کارگێری و پەیوەندییەکانم لەگەڵ لێپرسراوەکانم و لەگەڵ خوار خۆم ئەوانەی کە سەرپەرشتی ئیش و کارەکانیانم کردووە، پێشەنگ بووم و زۆر باش ئەرکەکانم بردووە بەرێوە، بەڵام ئەرکێکی ئاسان نەبوو بە تایبەتی لە ساڵی 2014 بەدواوە بە هۆکاری شەری داعش و قەیرانی دارایی و نەبوونی پارە و خەرجی کە هەمووی گرفت بوون بۆ بەرێوەبردنی ئیش و کاری ئیداری و کارگێری، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی کە کارم لەگەڵ کردوون لە برادەرانی پارتی لێپرسراوم بوون یاخود لێپرسراویان بووم زۆربەیان پێشتر پێشمەرگەبوون هاورێم بوون و ناسیومن رێزی زۆریان لێگرتووم، لەو کەسانە بەرێز کەریم سنجاری کە وەزیری ناوخۆ بوو، زۆر رێزی لێ دەگرتم لەبەر پێشمەرگایەتی و کەسایەتی خۆم و بنەماڵەکەم، هەندێک ئیش و کاری ئیداری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە عیلاقاتی شەخسی لەگەڵ کاک کەریمدا جێبەجێمان دەکرد، هەندێک جار هەندێک ئیش و کار قابیلی جێبەجێکردن نەبوو بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە ئەبوایە جێبەجێمان بکردایە کەریم سنجاری بە قسەی دەکردم و جێبەجێمان دەکرد.

## لە هیچ وێستگەیەکی ژیانم پەشیمان نیم

***لە ساڵی (1986 تا 2019) واتە تا خانەنشین بوونت، لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خزمەتت کردووە، ئەو وێستگەیە کامەیە کە شانازی پێوە دەکەیت و ئەو وێستگەیەش کامەیە کە لێی پەشیمانیت؟**



جەلال شێخ کەریم

–لە هیچ وێستگەیەکی ژیانم پەشیمان نیم، لە مامۆستایەتی و پێشمەرگایەتیم تا خانەنشین بوونم، هیچ شتێکم نەکردووە لێی پەشیمان بم، لەوانەیە هەڵەی بچووکم کردبێ دوایی پەشیمان بووبێتمەوە، بەڵام وەکو حاڵەتێکی زەق و شاز شتی وانییە لە وێستگەیەکی ژیانم پەشیمان بم، شانازی بە هەموو وێستگەکانی ژیانمەوە دەکەم بە تایبەتی لە ئاسایشی کەرکوک کە بەرپرس بووم، لەوێ زۆر دڵسۆزانە و بە جددی شەو و رۆژ کارم کردووە، کۆمەڵێک خەڵکی باش کاریان لەگەڵ دەکردم و لەگەڵمدابوون کۆمەڵێک پێشمەرگەی باش و تێکۆشەر کاریان لەگەڵ دەکردم بە جۆرێک کە وامان کردبوو سنوورەکەی خۆمان زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کردبوو.

ئێمە لە ئاسایشی کەرکوک لەبەر ئەوەی لە پێش سنووری سلێمانییەوە بووین لە ناوشوانەوە تا دەگاتە چەمچەماڵ و کفری و کەلار و دەربەندیخان و مەیدان و قۆرەتو، ئەوانە سەر بە ئاسایشی کەرکوک بوون، هاوکات سەرچاوەی ئاسایشیشمان لە خانەقین و جەلەولا و دووز و کەرکوک و بەغدا و شارەکانی تری ناوەراستی عیراق هەبوو، ببووین بە قەڵغانێک یاخود پەرژینێکی بەهێز بۆ پارێزگاریکردن لە سنووری هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی تیرۆرستی لەلایەن سیخور و خۆفرۆشانی سەربەرژێمەوە لە ناوچەکانی سنووری هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆرترینی ئەو روبەروبوونەوانە لای سنوورەکەی ئێمەوە بوو.

ژمارەیەک لەو خائین و سیخورِ و خۆفرۆشانە دەستگیرکران هەندێکیان بە سزای خۆیان گەیشتن و هەندێکیشیان چاوەڕێی حوکمەکەیان بوون تا ئەوکاتەی کە هێشتا من لەوێ بووم. وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا شانازی بە سەرجەم وێستگەکانی ژیانمەوە دەکەم و پەشیمان نیم لە هیچ کام لە ئەرکەکانم.

## راپەرین و بەرنامەی راپەرین جێی شانازین

*** تا چەند لە سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانی رازین، چ لە حیزب و چ لە حکومەت، ئایا یەکێتی هەڵەی هەیە، چەندێک هەڵەی یەکێتیی نیشتمانی لە ئەستۆ دەگریت؟**


– ئەگەر بگەرێینەوە بۆ رابردوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەمووی شانازییە، لە شۆرشەکەی و لە خەبات و تێکۆشانەکانیدا، هاوکات لە بەرامبەر نشوستییەکانی کە تووشی هاتووە خۆراگربووە، بە راستی لە ئەنفالەکاندا یەکێتی مقاوەمەتێکی زۆر باشی کرد و بریاری باشی دا کە ئاشبەتاڵی نەکرد، من لە هەموو ئەمانە رازیم، پاشان راپەرین و بەرنامەی راپەرین مایەی شانازیمانە، دواتر بەرێوەبەردنی هەرێمی کوردستان لەبەرەی کوردستانیدا مایەی شانازیمانە کە هەموو ئەوانە بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرنامەی یەکیتی بوو، پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی یەکێتی بوو، هەموو ئەمانە جێگای شانازی ئێمەن کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامی داون، ئیتر دوای ئەوە کە حکومەتێک دادەنرێت جگە لە یەکێتی لایەنی تری تیادا بەشدارە هەڵە و کەمو کوورِیی تیایە و گەندەڵی تیایە، من ناچمە ژێر باری هەڵگرتنی ئەو هەڵانەوە کە ئەو حکومەتە ئەنجامی داون، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە من قبوولم بێت و سیاسەتەکەیم قبووڵ بێت حەتمەن هەڵەکانیشی لە ئەستۆ دەگرم، چونکە حزبەکەی منیش هەڵەی هەیە لە پەیوەندییەکانیدا، لە شەری ناوخۆدا، لە سیاسەتکردنیدا لەگەڵ عیراق لە دوای ساڵی 2012 وە، بەڵام من کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حزبەم حەتمەن هەڵەکانیشی لە ئەستۆ دەگرم.

## سەردەمێکی جیاواز و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا

*** لە چەندین پلە و پۆستی ئاسایشدا کارتکردووە، لە نێوان ساڵانی (1992 – 2024) فەرمانگەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بەهێزتربوون یان لاوازتربوون؟ هەروەها جیاوازی بەرێوەبردنی ئەرک لە نێوان ئەوسا و ئێستادا چییە؟**

– ئێستا سیستماتیکە، کەرەستە و ئامرازی پێشکەوتوو بەردەستە بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایشی وڵات لە هەموو روویەکەوە، لەبەر ئەوە ئەهمیەتەکان بۆ بیرکردنەوە گرنگی پێ نادرێت و لەبری ئەوە تەکنۆلۆجیا بەکار دەهێنرێت، بەڵام من پێشتر زۆر بە باشتر دەزانم بەراورد بە ئێستا لەو رووەوە کە نە کەرەستەی وا پێشکەوتوو هەبوو، نە تەکنۆلۆجیا وا پێشکەوتوو بوو نە مۆبایل و ئامێری چاودێری و درۆن و چەکی پێشکەوتوو هەبوو، شتێکی زۆر گرنگتر هەبوو ئەوکات ئەویش ئەوەیە ئەوانەی لە سەرەتاوە لە ئاسایشدا کاریان دەکرد هەموویان پێشمەرگە و کادرە زۆر تێکۆشەر و دڵسۆزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، کە لای ئێمە کاریان دەکرد و لە شەش مانگی یەکەمی کارەکەمدا ئەوکات اعتمادمان دەکردە سەر رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خەڵکی نەیار و سیخورِ و خۆفرۆش و خراپەکار و دز و گەندەڵ تا بە تەواوەتی کەوتینە سەر پێی خۆمان، ئەوکاتە ئەرکەکە زۆر قورس بوو، بەڵام زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کرابوو، ئێستا راستە دوژمن و نەیار زۆرترن هەر لە تیرۆر و سیخورانی وڵاتانی دراوسێ و ئیقلیمی و ناوچەکە، بەڵام ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیا زۆر پێشکەوتووە. لەلایەکی ترەوە ژمارەی کارمەندانی ئاسایش بەراورد بە ئێستا رەنگە یەک لەسەر دە نەبووبێت، لەبەر ئەوە هەر حاڵەتێک بۆ سەردەمەکەی خۆی بەراورد دەکرێت، بۆیە ئەو کاتانە ئێمە زۆر بە باشی کۆنترۆڵمان کردبوو، حاڵەتی وامان هەیە کە ئاسایش ئەنجامی داوە ئەوکات کە

> ببووین بە قەڵغانێك یاخود پەرژینێکی بەهێز بۆ پارێزگاریکردن لە سنووری هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی تیرۆرستی لەلایەن سیخور و خۆفرۆشانی سەربەرژێمەوە



مامۆستا جەلال و چەند تێکۆشەرێک لە سەردەمی خەباتی شاخدا



مامۆستا جەلال لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە

**من کەسێکی گەشبینم و ئایندەی هەرێم بە درەوشاوە دەبینم، ئایندەی هەرێم کاتێك لە مەترسیدایە کە حزبەکان لە ناوخۆیاندا ناکۆك بن**

ئێستا باسی بکەیت خەڵک سەری سوورِ دەمێنێت، کە چۆن توانراوە چارەسەر بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێت.

## ئەرکی ئێستامان سەختە

*** ئێستا ئەندامی سەرکردایەتیت، سەرکردایەتی ئەم قۆناغە بەراورد بە پێش کۆنگرەی سێیەم جیاوازییان چییە؟**

– جیاوەزییەکە بریتییە لەوەی پێش کۆنگرەی سێیەم جەنابی مام جەلال لە ژیاندابوو، ئەندامە سەرکردایەتییە کۆنەکان و تێکۆشەرە کۆنەکان هەبوون، ئەوانەی بە باشی شارەزای مێژووی یەکێتیی و پەیوەندییەکانی بوون و دەیانتوانی بە باشی هەر بارودۆخێک هەڵسەنگێنن، ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە و گرانتر بووە، نەمانی جەنابی مام جەلال کەلێنێکی زۆر گەورەیە و ئاسان نییە، بۆیە دەبێت حساباتی زۆر بکرێت بۆ دروستکرنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکان و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و جیهان، ئەمە کارێکی سەختە و لە پاش جەنابی مام جەلال کارێکی ئاسان نییە، چونکە دوای کۆنگرەی سێیەم کە کۆنگرەی چوارەم بەسترا ئەم حزبەی زۆر بە هەڵدێردا برد، وایکرد هەندێک لە مەعالیمەکانی بەڕێوەبردنی حزب خراپ بەکارهێنرا و بەڕێوەبرا، بۆیە بۆ ئێستا جیاوازییەکە ئەوەیە ئەرکەکە سەختە چونکە هەلومەرجەکە گۆڕاوە لە دوای نەمانی رەوان شاد مام جەلال و بەشێک لە تێکۆشەر و سەرکردە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆیە بەڵێ جیاوازی زۆر بەدی دەکەم.

## بەرەو باشتر دەچێت

*** ئێستای یەکێتیی نیشتمانی چۆن پێناسە دەکەیت، ئایا کۆنگرەی پێنجەم توانی یەکێتی بکاتە حیزبێکی یەک بڕیار و یەک وتار؟**

– من وای پێناسەدەکەم ئێستا یەکێتی بەراورد بە بارودۆخی پێش کۆنگرەی چوار و دوای کۆنگرەی چوار زۆر باشترە، پێشتر جۆرەها دەستوەردان و بیروبۆچوون هەبوو، نموونەیەک دەهێنمەوە: کاتی خۆی کۆمەڵێک پلە لە وەزارەتی ناوخۆ چۆڵا بوون، لە (2018 و 2019) دا سەردانی قوباد تاڵەبانیم کرد و وتم: «دوو راوێژکارمان خانەنشین بوون ئەو پۆستانەمان بەتاڵ بوون، خەڵکمان بۆ دابنێن بۆ ئەو شوێنە شاغیرانە». قوباد تاڵەبانی وتی: «دەبێ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پێم بڵێ کێ دابنێم، ئەوانیش خۆت دەزانی رێک ناکەون، هەر کەسە و بۆچوونێکی هەیە، ئێ ئەوەش سەرگەردانییەک بوو کە پێش کۆنگرەی چوار و دوای کۆنگرەی چوار هەبوو، ئێستا بووە بە یەک بڕیار، ئەوەی کە مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی یەکێتی بڕیاری لەسەر بدات هەر ئەوەیە و کەس ناتوانێت بڕیارەکان بگۆڕێت.

*** کۆنگرەی چواری یەکێتی، ناوی لە خۆی نابوو نوێبوونەوە. ئایا ئەوە نوێبوونەوە بوو یان کودەتا؟**

– نوێبوونەوە بوو وەکو حزب و دیسپلینی حزبی، وەک مەرجی بەستنی کۆنگرە، ئەوەی لە پێش کۆنگرەی چواردا هەبوو حزبایەتی بوو، بەڵام لە کۆنگرەی چواردا وایان لێکرد وەک ئەوەی چەند کەسێک موئەسەسەیەک بەرن بەڕێوە، مۆرکی حزبییان لێ داماڵی، ئەگەر بشڵێی کودەتا وەک دەزانی کودەتا بە لایەنە سەربازییەکە دەوترێ و ئەگەر کودەتاش بوایە ئەوا لە شەو و رۆژێکدا کودەتا بەسەر خۆیاندا نەدەکرا، کودەتاچی عادەتەن حساب بۆ ئەوە دەکات رۆژێک لە رۆژان کودەتای بەسەردا بکرێت، دیارە ئەو برادەرانەی کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا دەڵێن کودەتاچی بوون، حسابیان بۆ ئەوە نەکردبوو کە کودەتایان بەسەردا بکرێت، ئەوان یان ترسنۆکانە ئیشەکەیان کردبوو، یاخود لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانیان بۆ دەرئەنجەمەکان خراپ بوو، ئەگەرنا کودەتایان بەسەردا نەدەکرایەوە.

## شەڕی داعش

*** کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم، تاچەند بە هۆکاری شکست و کێشە و گرفتەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند دەزانیت؟**

– بابەتەکانی وەک کێشەی نەوت و پەیوەندییەکانی هەرێم و عیراق لە کابینەی نۆدا تەقییەوە و ئاڵۆز بوو، هەندێک هۆکاری تریش لەمپەربوون بۆ شکستهێنانی کابینەکە، هەر لە شەڕی داعش و کێشەی ململانێی ئیقلیمی نێوان تورکیا و ئێران و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و پاشان کێشەی عیراق و ئەمریکییەکان ئەمانە هۆکاربوون، لەلایەکی ترەوە ناتەبایی ماڵی کورد بە تایبەتی یەکێتی و پارتی لەو هەلومەرجەدا بە تایبەتیش لە دوای شەڕی داعشەوە وایکرد کابینەی نۆ زیاتر تووشی شکست بێت، بەداخەوە غروری هەندێک لە برادەرانی پارتیش سەبەب بوو، چونکە بەشێکیان وا تەسەوریان دەکرد هەرشتێک کە خۆیان نەیکەن ئەوە کوردایەتی نییە، بۆیە دەرکەوت کە هەڵەبوون و هەرێمی کوردستانیان بە ئاقارێکی نالەباردا برد، بۆیە دەبێت ئاکامی شکستەکەشی لە ئەستۆ بگرن.

*** گەڕانەوە بۆ دادگای فیدراڵی تاچەند کەسایەتی هەرێمی لەکەدار کردووە؟**

– کەسایەتی هەرێم بە گەڕانەوەی بۆ دادگای فیدراڵی عیراق لەکەدار نابێت، دادگای فیدراڵی دادگایەکی سەرتاسەری عیراقە و پەیوەندی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی عیراقەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، بەڵام ئایا بڕیارەکانی ئەو دادگایە بە بێ دەستێوەردانە؟ یاخود تا چەند دادگاکە سەربەخۆیە و کاریگەریی ئەملاولای بەسەرەوە نییە تا لەو رێگەیەوە بڕیار لە بەرژەوەندییەکانی هەرێم بدات، ئێستا ئەو دادگایە بێلایەن نییە، چونکە رەوتەکانی شیعە بەداخەوە چییان بوێت ئەوەی پێ دەکەن، راستە ئەو بڕیارەی دراوە سەبارەت بە مووچە لە بەرژەوەندی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەوەتا بەرەو کۆتایی مانگی سێ دەڕۆین، تا ئێستا عیراق پارەی هەرێم نانێرێت لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان هەموو پابەندبوونێکی خۆی پێشکەش بە حکومەتی عیراق کردووە، ئەوەتا ساڵێک دەبێت هەرێمی کوردستان هەناردەی نەوتی راگرتووە و داهاتی نەوتی نییە، لەبەر ئەوە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی عیراقدایە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەو بڕیارە بۆ هەرێم زۆر زیان و لێکەوتەی دەبێت، هەموو شتێکی لەبن دەستی هەرێم دەرهێناوە و دەسەڵاتی هەرێمی بچووک و سنووردار کردووە و لە داهاتوودا دەبینین دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئەو بڕیارە چییە و چ کاریگەرییەک دروست دەکات.

## یەک کردار و یەک گوتار

*** ئایندەی هەرێم چۆن دەبینن، پێتان وایە ئایندەی هەرێم لە مەترسیدایە؟**

– من کەسێکی گەشبینم و ئایندەی هەرێم بە درەوشاوە دەبینم، ئایندەی هەرێم لە کاتێکدا لە مەترسیدایە ئەوانەی کە پایە و پێگەکانی هەرێمن هەر لە یەکێتی و پارتییەوە تا حزبەکانی تری کوردستان خۆیان لە ناوخۆیاندا ناکۆکبن، کە ناکۆک بوون دەروخێن، کە روخان هەرێمی کوردستانیش دەروخێت، لەبەر ئەوە تا ماڵی کورد یەک کردار و یەک گوتار بێت و بە یەک دەنگ پاڵپشتی سەرسەختی داوا رەواکانی هەرێمی کوردستان بن ئەوکاتە هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر نامێنێت، بەڵام لە راستیدا حزبە کوردییەکان ئێستا خۆیان مەترسین لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان.

*** لە ماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، بە رای ئێوە هاوکێشە سیاسییەکان دەگۆڕێن؟ دوای کردنی هەرێم بە(4) بازنە و لابردنی کورسی کۆتاکان؟**

– کۆتاکان وەکو پێکهاتە لە تورکمان و کلدان و ئاشوور، دەتوانن بەشدار بن بە رێکەوتن لە ناو حزبەکانی تردا ئەندام و کاندیدیان هەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی پارتی لەو سنوورە دەسەڵاتی هەیە و زۆربەی کۆتاکانیش لە سنووری پارتیدا بوون، بۆیە کورسی کۆتاکان قۆرخ کرابوون، بەداخەوە ئەوان گوێڕایەڵی پارتی بوون، وەک لەوەی لە پرسە گرنگەکاندا بڕیار لای خۆیان بێت و بێلایەن بن. سەبارەت بە گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، بەڵێ بێگومان گۆڕانکاری گەورە روودەدات، بۆ نموونە وەکو پێشتر نابێت ئەگەر لە دهۆک لایەنێک دەنگی زۆری هێنا لایەنەکە بڵێ دەنگ بدەن بە فلان کاندید لە پارێزگای هەڵەبجە یاخود لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ئەوەی ئەو کاندیدە سەربکەوێ، لەم سیستەمەدا حەقیقەتی پێگەی حزبەکان و کاندیدەکان دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، دەتوانم بڵێم حزبە بچووکەکان چەند کورسییەک بەدەست دەهێنن، بەڵام یەکێتی و پارتی وەک دوو حزبە گەورەکەی هەرێمی کوردستان پشکی شێر بەدەست دەهێنن و پێشەنگ دەبن.

## کاریگەریی لیستە نوێیەکان

*** دروستبوونی لیستی نوێ بۆ ئەم هەڵبژاردنە، دەتوانێ زیان بە یەکێتیی نیشتمانی بگەیەنێت؟**

– پەیوەندی بە کاریگەریی لیستەکەوە هەیە، هەندێک لیست هەن لە راستیدا زیان بە حزب و لایەنی تر دەگەیەنن، نەک بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام یەکێتی ئێستا بارودۆخی بەراورد بە دەیەی رابردوو باشترە، بگرە لە پێنج ساڵ لەمەوبەریش باشترە، لەبەرئەوە دروستبوونی هەر لیستێکی نوێ حەتمەن دەنگ لە هەموو لایەنێک دەبات بە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و پارتە ئیسلامییەکانیشەوە، تێبینی بکە گۆڕان سەردەمانێک 25 کورسی هەبوو لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەم جارە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا کورسییەکیشیان نەبوو، ئەم بەراوردەم بۆ ئەوەبوو کە بزووتنەوەی گۆڕان لە گۆڕەپانی سیاسی پاشەکشەی کردووە، گەرنا دەبوو کورسی زیاتری بەدەست بهێنایە هەم لە پەرلەمانی کوردستان و هەم لە پەرلەمانی عیراقیش، لەبەر ئەوە ئەو لیستە نوێیانەی دروست دەبن

کاریگەرییان دەبێت بەڵام بەو جۆرە نا کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن دەسەڵات دەگۆڕین، قەت دەسەڵاتیان پێ ناگۆڕدرێت، چونکە ئەوان پێگە و مێژوو بیروباوەڕ و پەیڕەو و پرۆگرامێکی ئەوتۆیان نییە و تەنها لەسەر بنچینەی هەڵەی ئەم حزبانەی ئێستا هەڵدەتۆقن و رەوتێکی پۆپۆلیستین و گڕ و کەفیان کاتیی و ماوە کورتە.

## هێزی یەکێتی یەک هێزە

*** کۆکردنەوەی یەکێتی لە رووی هێزی چەکداری شەخسی بەرپرسەکانەوە، تاچەند کاریگەریی دەبێت لەسەر باشتر بەڕێوەبردنی یەکێتی؟**

– پرسیارەکە روون نییە، بەڵام هێزی چەکداری شەخسی لە ناو یەکێتیدا نامێنت و نەشماوە و هەمووی هێزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەڵام بۆ نموونە یەکێتیی هێزیکی هەیە دە کەسی لای منە، بیستی کەسی لای برادەرێکی تــرەو 50ی لای فلانە، ئەوە هێزی یەکێتییە، بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەرکاتێک بیەوێت بەکاریان دەهێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە نابێت و ناکرێت یەکێتی هێزێکی هەبێت هەزاری لای ئەم بێت و هەزاری لای ئەو بێت و هەڕەشە و مەترسی بن بۆ سەر خەڵک.

*** کارکردن بۆ ماوەیەکی زۆر لە دۆسیێ ئاسایشدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەی ئێوە جێهێشتووە؟**

– من ئەزموونی زۆرم بۆ دروست بووە، لە کارکردنمدا لە ئاسایش ناهەقی زۆرم بینیوە، زوڵم و زۆری لایەنەکان و دەوڵەتەکانی دەوروبەر، دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان، تاوانەکانی رژێمی عیراق، ئێستاش ئەمەی لە عیراقدا دەگوزەرێ هەر لە دروستکردنی داعش و ئەو لایەنە نەیارانەی کە دژایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەکــەن، هــەمــوو ئــەمــانــە رەهــەنــدی تێفکرینمیان فــراوان کــردووە، ئەو وردەکاریانەی کە دەیزانم هەڵهێنجراوی ئەزموونەکانمن لــە بەرپرسیارێتیم لە ئاسایشدا، بۆیە دەزانــم لە رووی ئاسایشی نــەتــەوەیــیــەوە چ تاوانێک دەرهــەق بە گەلی کورد دەکرێت، ئەو گەلەی سـەدان ساڵە تێدەکۆشێت بۆ سەربەخۆیی و لەو پێناوەدا رووبارێک خوێنی رشـتـووە، دەزانــم ئـەوانـە کە دژایەتی گەلی کورستان دەکەن چۆن سیخورەکانیان دەنێرن و چۆن بە پارە و هەڕەشە هانیان دەدەن، بۆیەی من وایدەبینم دەبێ ئەو دەستە دەرکییانە کــاری لەسەر بکرێت و رێگەیان لێ بگیرێت لەبری ئازاردانی گەدایەکی بێ دەسـەڵات کە هەڵخەڵەتێنراوە، دیارە ئەمیش هەر سزای خۆی وەردەگـرێ، بـەڵام ئامانجە گەورەکە و مەترسییە گەورەکە لەو گەدایە گەورەترە.

## دەبێ بە وردی ئاگادری دۆخەکە بێت

*** چۆن بـەراورد لە نێوان کابینەی نێچیرڤان و مەسرور بارزانی دەکەیت لە رووی تەکنۆکراتییەوە؟**

– جیاوازییەکی وا نابینم، بەڵام کەسەکان دەگۆڕێن، نێچیرڤان بارزانی بە حوکمی عیلاقاتی خۆی و پێگەکەی و هاوکات کەسێکی کـراوەتـرە و ماوەیەکی زۆر لەگەڵ لایەنەکان و لێپرسراوەکانی تری یەکێتی و حزبەکانی تری کوردستاندا کاری کـردووە بۆیە ئەو پەیوەندییانە وایانکردووە ئیش و کارەکانی باشتر بڕوات، بەڵام مەسرور بارزانی لە دوای ساڵی 2000 وە هاتۆتەوە کوردستان و لـە خـوێـنـدن بـووە لـە ئەمریکا، بۆیە بە ئەندازەی نێچیرڤان بارزانی ئەزموونی پەیوەندییەکانی نەکردووە لەگەڵ سـەرکـردەی حزبەکانی تـردا، وا بـیـردەکـاتـەوە ئـێـرەش دەقـاودەق ئەمریکایە، کـە هـەمـوو کـاروبـارێـک بە سیستماتیک بـڕوات، گرنگە لەوە تێبگات ئێرە وخۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، دەبێت پشت بە پەوەندییە حزبییەکان و هەلومەرج و کاریگەرییە هەرێمییەکان و گـشـت لایـەنـێـک بـبـەسـتـێـت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک، گەر بەو جۆرە کار نەکات دژایەتی دەکرێت، وەک دەیبینین هەریەکە و بە جۆرێک دژایەتی حکومەتەکەی دەکــات، بـۆ نموونە تورکیا هێز دەنێرێت بە ناوی دژایەتی پەکەکەوە، زیانی جۆراوجۆر بەم وڵاتە دەگەیەنێت و دەیـان نـاوچـەی کاول کردووە و ئێران بە بیانووی هەمەجۆرەوە بە موشەک و درۆن بۆردومانی هەرێم دەکات، بۆیە دەبێت بە وردی ئاگاداری بارودۆخەکەبێت، بەڵام نێچیرڤان بارزانی لـەم بـابـەتـانـەدا و لـە دروستکردنی پەیوەندیدا شارەزاتر بوو.

## ژینگە و ژینگەپارێزی

*** ژینگەپارێزیی پڕکردنەوەی فەراغی خانەنشینییە، یان هەر بە راستی ئاواتت بووە رۆژێک خزمەت بە ژینگە بکەیت؟**

– لە راستیدا ژینگە لەلای من پەیوەندی بە فەراغی خانەنشینییەوە نییە، چونکە پێش خانەنشین بوونم لە ساڵی 2012 وە بە سەختی خەریکی ئەم بابەتەم و کارم بۆ کردووە و لە چەندین جێگا لە قۆپی قـەرەداخ لەگەڵ کوڕەکانی لای خۆم گۆلم دروستکردووە و موزەخەم داناوە و سۆندەم راکێشاوە و ئاوم بردۆتە سەر گۆلەکان بۆ ئـاژەڵ، پارێزگاریم کردووە لە پەلەوەر و ئاژەڵە کێوییەکانی ناوچەکە و چەندین کامێرای چاودێریم دانـاوە، بەڵام ئێستا هەردووکییەتی، فەراغەکە دەستکراوەتری کـردووم لە دوای خانەنشینبوونم و خولیاکەی خۆشم بۆ ژینگەپارێزی بواری زیاتری بۆ دروستکردووم بە جۆرێک رۆژ لە دوای رۆژ بەرچاورروونی زیاترم دەبێت بۆ باشتر خزمەتکردنی ژینگە، گەر هەندێک پابەندبوون و نەبێت زۆرتر لەو شاخانە دەمێنمەوە بۆ برەودان بە پارێزگاریکردن لە ژینگەی کوردستان.

## بە هاوکاریی کەسایەتییەکان

*** لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێیت: بڕیارم دا بە جۆرێکی تر خزمەتی ژینگە بکەم ئەو جۆرە جیاوازە چی بوو؟**

– بڕیارەکە هەر ئەوەیە پەیوەندی بە دوای خانەنشینبوونمەوە هەیە، پێشتر من وەکـو بریکاری وەزارەتـــی ناوخۆ دەسەڵاتم هەبوو تەلەفونم دەکرد بۆ دەزگا تایبەندمەندەکان، پۆلیسم دەنارد و



له چالاكی پێشمەرگانەوە بۆ چالاكی ژینگەدۆستی

بەڕێوەبەری ناحییەکانم لە پاراستنی ژینگە ئاگادار دەکــردەوە، تا خەڵک راسپێرن دار نەبڕن و ئاژەڵ و باڵندەی کێویی راونەکەن، بەڵام ئێستا ناتوانم بەو جۆرە ئەوان راسپێرم، ئێستا خۆم دەچم و دەمێنمەوە و بە هەماهەنگی و بە داواکردن لە پۆلیسی دارستان و پۆلیسی مەحەلی و دەزگا ئیدارییەکانی ناحیە و قەزاکان بە عیلاقاتی شەخسی و لە گەڵ کەسایەتییەکاندا بۆ خۆم لەوێ بەشی زۆری ئەرکەکان لەگەڵ کوڕەکانی لای خۆم جێبەجێ دەکەم، زۆر جار بۆ کڕینی کامێرایەکی چاودێری تەلەفۆن دەکـەم بۆ برادەرەکانم لە دەرەوەی وڵات، بە هۆکاری ئەوەی ئیلتیزاماتی حکومیم نەماوە زۆربەی کات سەرقاڵی پارێزگاری کردنم لە ژینگە، ئەوەش جۆرە تازەکەیە.

## سەرچاوەی دارایی بۆ خزمەتی ژینگە

*** یەکێتیی نیشتمانی لە رووی داراییەوە چی بە تۆ بەخشی و سەرچاوەی داهاتی ئێوە چییە، چونکە ئەم کارەی ئێستا پێوەی خەریکن، واتە ژینگەپارێزی، پێویستی بە خەرجییەکی زۆر هەیە؟**

– یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەرچییەکم ویستبێت بۆی کـردووم، ئۆتۆمبێلی بـۆ کـڕیـوم، کـە زەویـم وەرگـرتـووە و خانووم دروستکردووە جەنابی مـام جـەلال یارمەتی داوم، گـەر گەشتم کردبێت یاخود کارێکی کتوپڕ هەبووبێت هەرچییەکم ویستبێت حزبەکەم بۆی جێبەجێکردووم، ئێستاش خانەنشینم و مووچەم هەیە، پێشتریش لە وەزارەتـی ناوخۆ مووچەکەم باش بوو، نەسریەم لەبەردەستابوو.

حـیـمـایـەکـانـیـشـم کـە لـە وەڵامـی پرسیارەکانی پێشوودا بە کوڕەکانی لای خۆم ناوم هێنابوون هەموو ئەوانەم بەکارهێناوە بۆ خزمەتکردن بە ژینگەی کوردستان ئەمە لـەلایـەک، لەلایەکی تریشەوە جگە لەوانە زەویوزارمان هەیە کە موڵکی باووباپیرمانە و فەلاحەت دەکەم کە ئەوەش سەرچاوەیەکی تری دارایـی منە، جگە لەمانەش بـرادەری دڵسۆزم هەیە کە خەمخۆری ژینگەن یـارمـەتـیـم دەدەن بـۆ دابینکردنی کامێرای چاودێری و مۆلیدە و سۆندە و کەرەستەی پێویست بۆ بوارەکە، منداڵەکانیشم هەموویان کاردەکەن و ئەندازیارن و پزیشکن و مووچەی خـۆیـان هەیە و پێویستیان بـە من نەماوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو داهاتەی دێتە دەستم، مانگانە بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگە بەکاری دەهێنم.

## بیرەوەریی

*** وەک دوا پرسیار، بەڕێزتان برای (شەهید حەمە رەش)ن، دەتەوێ لێرەوە چی پێ بڵێیت و چ یادەوەرییەکی تاڵ یان شیرینی بگێڕیتەوە؟**

– یادەوەری تاڵ ناگێڕمەوە، بەڵام هەموو یادەوەرییەکانی شەهید حەمە رەش لای من شیرینن، کۆتا یادەوەریمان ئەوە بوو لە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 رۆژی 3/5 بەیەکەوە بوین، بۆ رۆژی دواتـر 3/6 من و ئاواتی شێخ جەناب دەهاتین بـەرەو سلێمانی، لە بەرێکردنماندا لە ئەشکەوتێکدا لە شاخی سەگرمە بە دیوی گەرمیاندا، بە حوکمی ئەوەی زیاتر لە دەساڵ فەرماندە بوو پلانی سەربازی زۆری دارشتبوو زۆر شارەزا بوو، کە ئێمە لە ئەشکەوتەکەوە ئەهاتینە خـوارەوە، ئەو سەریدەرکرد و بە من و کاک ئاواتی شێخ جەنابی وت «ئاگاداری خۆتان بن، ئێوە دەچن شەڕی ناو شار دەکەن، شەڕی ناو شار شەڕی دەشت و شاخ و رابایەو گردو تەپۆلکە نییە، دە بێت زۆر وریا بن»، ئـەوە دوا بـیـرەوەری من و شەهیدی فەرماندە حەمەڕەشە کە شیرینە لەو رووەوە وەک فەرماندەیەک ئامۆژگاری کردین، تاڵیشە بەهۆی ئەوەی بەداخەوە دواتر خۆی لە ناو شاری دووزدا بەهۆی گولە هاوەنێکەوە پێکراو بریندار بوو کە هەڵەی خـۆی نـەبـوو، پاشان لە گواستنەوەیدا بەرەو کەلار بۆ چارەسەر کردنی لە 1991/3/11 کەوتنە بۆسەوە و شەهید بوو.

***ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)**

کوردستانی نوێ
رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچووە

خاوەنی ئیمتیاز: **د.فوئاد مەعسوم**
سەرنووسەر: **د. عەدالەت عەبدوڵڵا**
جێگرانی سەرنووسەر: **کەژاڵ ئەحمەد - مەریوان مەسعود - جەمال ئاریز**
سکرتارییەتی نووسین: **ئیسماعیل مەحموود - رۆژا دڵشاد مەریوانی - هەڵکەوت زەنگەنە**
دیزاین: **ئومێد محەمەد**

ژمارەی تەلەفۆن:
009645333016 - 00964533301643
Email: knwe@knwe.org
www.Knwe.org

ناونیشان:
عیراق - هەرێمی کوردستان - سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان